# گێڕانەوەی یادەوەری و کورتکردنەوەی زمانی کارەکتەرەکان لەرۆمانی " دەستنووسی فەقێکان

**داناعەسکەر**
danaasker@yahoo.com



بەشێکی زۆری ئەدەبیاتت و بەتایبەتی چیرۆك و رۆمانی دونیا ، بەتایبەتی ئەوانەی لەسەردەمی ئەدبی ریالیستیدا نووسراون ، کاریگەری زۆری بەسەر ئەدەبی ئێمەوە هەیە ، لەبنەڕەتدا کاریگەری ئەم جۆرە رۆمانانە زۆرن ، کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان ، ململانێی دونیای ئەدەبیات و ئاراستە ئایدیۆلۆجی و فیکرییەکان ، بەتایبەتی لەسەردەمی سستمی مارکسستی و ئەدەبی بەراوردکاری و نەتەوایەتیدا .بەو ئێەی ئێمەش بەشێکین لەو هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیە ، بۆیە بەگشتی ئەدەبی ریالیستی کاریگەری زۆری بەسەر پێکهاتە ئەدەبییەکانی ئێمەشەوە هەبووە ، ئەم دۆحەی نووسین ئێستاشی پێوەبێ لەبەشێکی زۆری ئەدەبیاتی دونیادا کاریگەری خۆی هەیە ، بەڵام لەهەلومەرجی کۆمەڵایەتی و رۆشنگەریی دونیا ئاراستەیەکی جیاوازی گرتەبەر ، بەتایبەتی رۆمان ، ئەویش نووسین لە بەشێوازی واقیعی سیحریی بەتایبەتی لای نووسەرانی ئەمریکای لاتین و فەرەنسا وئەڵمانیا ، کەم و زۆر بەوپێیەی ئەدەبیات و رۆشنبیریی ئێمە لەژێرکایگەریی رۆشنبیریی عەرەبیدا بوو ، توانیمان سوود لەوەرگێڕانی بەشێك لەو دەقە سەرکەوتوانە وەربگرین، شان بەشانی ئەمەش نووسەرانی کوردیش توانیان هەندێ لەو دەقانەمان بۆ وەرگێڕنە سەر زمانی خۆمان .

ئەوەی زیاتر لەئەدەبیاتی کوردیدا رەنگیداوەتەوە ، کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بوو ، بۆیە ناتوانین بڵێین ئێمە خاوەن رۆمان نیین، بەڵام دەکرێ بڵێین ئەوەی بووەتە مایەی بیرچوونەوەی بەشێك لەو رۆمانانە جۆری کێڕانەوەی سەردەمیانەی رۆمانە ، کە تەنها گرنکی بەبواری گێڕانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی ، دەکرێ بڵێین گێڕانەوەی مێژووی کۆن و نوێ بەدەر لەتەکنیك و سیحری زمان و فەنتازیا، گێڕانەوەی خودی مێژووش نیە وەك خۆی ، ئەوەی لەتەمەنی ئەم جۆرە دیدانە لە رۆمان کەمدەکاتەوە ، گۆڕانکاریە بنەڕەتییەکانی دیدگاو چەمکی رۆشنبیرییە

لەدونیادا، کە تەواوی ئاراستەی رۆمان بەرەو واقیعی سیحری بردووە ، کاتێ ئێمەنەتوانین مێژوو +رووداوەکان بەشێوەیەکی سیحری لەدەقەکانمان تەوزیف بکەین و تەنها بەدەوری کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا بخولێینەوە ، ئەوە تەنها گرفتی رۆمانووس نیە ، بەڵکوو گرفتی تەواوی رۆشنبیریی ئێمەیە بەناوەندی رەخنەشەوە ، بەڵام ناکرێ نکۆڵی لەهەندێلەو رۆمانە کوردیانە بکەین کە لەم چەند ساڵەدا بەرهەم هاتن و ناوەندی ئەدەبی کوردیشیان خستە ناو مشتومڕ و قسە و باسێکی زۆرەوە ، هەندێك لەو رۆمانانە بەچاك و خراپ قسەیان لەسەرکرا ، کە لەبنەڕەتدا لەقازانجی رەوتی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردیدا بوو ، بە بەڕوای من ئەم ئاراستە جیاوازە کە رۆمانی کوردی بەرەو کرانەوە و دیدی جیاواز برد بەشێوەیەك لەشێوەکان رۆمانی " سەگوەڕی " موکری دونیایەك مشتومڕی ئەدەبی وسیاسی لێکەوتەوە ، لەبەرانبەریشدا لەگۆڕانکاریی رۆشنگەریی و ئەدەبیاتی دونیادا ، ئەدەبی کوردی هێشتا بەجۆرێك لەجۆرەکان لەناو ئەشکالییەتی گێڕانەوە و تەکنیك و تێکەڵکردنی مێژوودا رۆمانی کوردی بەرەو قەیرانی چەقبەستویی بردووە ، جەختکردن لەسەر گێڕانەوەی یادەوەری وەك سەرچاوەی خستنەڕووی زاتیەتی ئاراستەی رۆمان و کوشتنی زمان و بەتایبەتی زمانی کارەکتەرەکان ، هەندێ جاریش لەناو گێڕانەوەی زمانی شیعریی و ئەفسانەیدا کۆدو ماناو دەلالەتەکان دەشێوێنرێن ، یاخود مانایەك ناهێڵرێتەوە بۆ کردنەوەی کۆدەسەرەکییەکانی رۆمان .

ئەوەی مەبەستە لەهەندێ رۆماندا بیخەینەڕوو ،دیاردەی لێکچوونی روئیاو دەلالەتەشاراوەکانە کە لەهەندێ رۆماندا بەدییان دەکەین ، بۆ نموونە ، ئاڵۆزی زمانی گێڕانەوە و گەڕان بەدووی پاککردنەوەی رۆحی جەلاد و لێکچونی دەستەواژە و تەنانەت هەڵبژاردنی ناوی کارەکتەرەکانیش ، ئەم حاڵەتە رەنگە بەشێکی بۆ ئەو رۆحە ئەفسانەیی و زمانە سیحرییەی کە لەم دواییەدا " بەختیارعەلی " بەسەرکەوتووی ئاوێتەی رۆمانی کوردی کردی ، بەشێکی تری بۆ جیاکردنەوەی زمان و روئیای نووسەرانی گەنج لە رۆمانەریالیستییەکان بێت کە زیاتر پشت بەگرفتە واقیعیەکان دەبەستن ، بۆیە پشت بەستن بەچەندرۆمانێکی دی کە پێش ئەم رۆمانە قسەم لەسەرکردوون ، لەوانە رۆمانی " شاری مۆسیقارەسپییەکان " ی بەختیارعەلی و " رۆمانی " ئافاتەکانی بنەماڵەی میخەك " ی عەتامحمد ، لەهەمان رۆمانیشدا دونیایەك لێکچوون لەماناو دەلالەتەکان دەبینم .

واقیع وەك ژیان و یادەوەری وجولەی مێژوو ، قەت ناکرێ و ناشتوانین پشتی لێبکەین و پەراوێزی بخەین ، بەڵام گرفتی مامەڵەکردنی بەشێك لەنووسەران لەگەڵ واقیع ، ئەمە ئەسڵی مەسەلەکەی ئێمەیە ، کەناکرێت بەمانا یادەوەری و گێڕانەوەی بێ فەنتازیای سیحری زمان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین ، بەڵکوو دەبێت واقیع بەمانا سیحرییەکەی لەزمان و دیدگای تایبەتی کارەکتەرەکانەوە بێت ، واتە سیحری پرۆسیسی بیرکردنەوە و خوڵقاندنی گووتاری تاکەکەسی لەسەر ئاستی واقیع و روئیای جیاواز لەو ساتەوە رۆڵی کارەکتەر دەخاتەڕوو کە گێڕەرەوە چەندین روئیاو سایکۆلۆجییەتی جیاوازی لەناخدا حەشاردابێت و خوێنەر بخاتە بەردەم دونیاجیاوازەکانی دەق ، بۆیە قەت مومکین نیە گێڕەرەوە بەیەك شێوەزمان و وەسفکردن مامەڵە لەگەڵ تەواوی کارەکتەرەکاندا بکات ، چونکە لەبنەڕەتدا ئەرکێك لەبیرکردنەوەی گێڕەرەوەدا هەیە پاڵ بە ئالییەتی وەسفکردن دەنێت تاکوو دونیایەك بخوڵقێنێت لەنێوان واقیع و فەنتازیا و سیحری زماندا ، کەسایەتییەکان لێکجیابکاتەوە ، کەهەر یەکێك لەم

کارەکتەرانە خاوەن زەمەن و کات و دیدی جیاوازن و هەریەک لای خۆیەوە پەیوەستبن بەدونیا جیاوازەکانی کات و شوێنەوە ، نەک وەسفێک کاریگەریی بەسەر کۆنەستی خوێنەر و دالی شوێنکاتەوە نەبێت ، ئەگەر بەم شێوەیەمامەڵە لەگەڵ تایبەتمەندی دەق نەکرێت ، کارەکتەرەکان ئیفلیج دەکرێن و مێژووش تووشی گرفت دەبێت ، بۆیە دەبینین هەندێ جار گێڕانەوەی مێژوو تووشی تێکهەڵکێشییەک لەنێوان یادەوەری کۆن و نوێدا دەبێت ، ئەم حاڵەتە بۆشاییەک لەدەقدا دروست دەکات ، کە هەندێ جار گرفتی دووبارەبوونەوەی یادەوەری و وەسفی کارەکتەرەکان بەدی دەکرێت و لەبری ئەوانی دی زمان و ناوەڕۆکی بابەت لەخزمەتییادەوەریدا دەبێت ، ئەوەی وا لەلرۆمانووس دەکات لەم شێوە گێڕانەوەیە درێژە بە گێڕانەوە بدات ، گرفتی کێشە کۆمەڵایەتیی و سیاسیەکانە، باڵ بەسەر روئیای بابەتەکەدا بکێشێت و روئیا رۆحییەکانی کارەکتەر بەمردوویی تەسلیم بەخوێنەر بکرێت ، ئەم جۆرە رووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ کارەکتەرەکان ، پێچەوانەی رەوتی رۆمان و هەست کردنە بەمانەوەی کارەکتەری " سۆپرمان " بەڵام بەروئیایەکی تر ، ئەو روئیایەش خەیاڵ و ئەندێشەی نووسەر دروستیان دەکات ، ئەم شێوە هەڵسوکەوتە نەک بەتەنها گرفتە مێژوویەکان ئاڵۆزتر دەکات ، بەڵکوو بنەماکانی تەکنیک و فەنتازیای زمان و شوێنکاتیش ئاڵۆز دەکات و ماهییەتی شاراوەی کۆدی سەرەکی بابەت دەبێتە قوربانی روئیای گێڕەرەوە ، دواجار داهێنان و مەوقیعی کارەکتەرەکانیش دەخاتە بەردەم هاوسەنگییەکی ناجێگیرەوە ، چونکە داهێنان پەیوەستە بە " مانا " وە ، نەک لەگێڕانەوەی ئەشکەنجە ، لێرەدا وا دەردەکەوێتبەشێک لەنووسەرانپێیانوایە داهێنان لەگێڕانەوەی ئەشکەنجەدایە ، بۆیە ناتوانرێ کارەکتەری " دژ " دروست بکەن .

لەدونیائەدەبیاتی ئێمەدا ئەمەئەو خەلەلەیە کەبووەتە دیاردەیەکی زەق ، بۆیە دەبینین هۆکارێک بەدی ناکرێ بۆ خۆپاککردنەوەی کارەکتەری " دژ " و دواجاریش دەبێتە بەشێک لەقوربانی ، ئەم حاڵەتە لای " سامری بابلی " لە رۆمانی " شاری مۆسیقارە سپییەکان " و ئەم رۆمانەی " نەجات نوری " دا بوونی هەیە ، بۆیە من وای بۆ دەچم گرفتی قوربانی و جەلاد هێندەی پەیوەستە بە سایکۆلۆجییەتی نووسەرەوە ، هێندە روحییەتی مەوزوعیانە نەیتوانیوە مامەڵەیەکی واقیعیانە لەگەڵ تایبەتمەندی جەلاد دا بکات ، راستە سامری بابلی دادگایی دەکرێت ، بەڵام دواجار رۆحییەتی پەشیمانبوونەوە پەیوەست نیە بەخودی جەلادەوە ، بەڵکوو پەیوەستە بەموغازەلەکردنی نووسەر بۆ جەلاد ، بەڵام لەسیاقی دید و روئیای جیاوازەوە ،ئەگەر نا ، چ مانایەک بۆ پەشیمانبوونەوە دەمێنێتەوە ، دەکرێ بڵێین ئەم حاڵەتەش بەشێکە لەکاریگەری مودیلی هەستکردن بەگرفتە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان ، کە ئێمە زۆرجار دەمانەوێ نووسەر قسەی زۆر لەرابوردوو + ئەشکەنجەکانمان بکات .

ئەوەی لای " تاریقی ئەفسەر " بوونی هەیە ئەو رۆحە پەشیمانبوونەوەیە ، کە بۆ رووتبوونەوە و وێنەگرتن لەگەڵ دەروێش خدردایە ، خاڵێکی تر ئەوەیە هیچ مانایەک بەدی ناکرێ بۆ یەکبوونی تاریق و دەروێش خدر ، کەمانایەک ببەخشێتە پەشیمانبوونەوە ، بەبڕوای من ئەم گرفتە ریشەیەکی کولتووری قوڵی هەیە ، بۆیە دەبینی روحی بەزەیی هێندە پانتاییەکی بەرفراوانی لەبیرکردنەوەی ئێمەدا داگیرکردووە ، تەنانەت رۆحی داهێنانیشی تیاماندا کوشتووە ، هەمیشە لەهەوڵی ئەوەداین کارەکتەری جەلاد بێنینە قسەکردن لەسەر تاوانەکانی خۆی ، ئەم حاڵەتە چەندە پەیوەستەبەئارەزوومەندانەی بیرکردنەوەی نووسەرەوە ، دوو هێندەی تریش زمان لەناو بیلرکردنەوەدانەیتوانیوە

زمانێك بێت لەناو واقیع و هۆشیاری زماندا كاربكات ، بەڵام هوشیاری زمان تەنها لەپشت وەسفكردنەوە كورت ناكرێتەوە ، بەڵكوو بەشێكی تری بۆ هوشیاری مێژوویی دەگەڕێتەوە ، كە زۆرجار دەبینین لەبەر نەبوونی هوشیاریی مێژوویی ، جولەی مێژوو بەبێبنەما تێدەپەڕێت و مێژوو دەچێتە خزمەتی گێڕانەوەی یادەوەری و زمانی گێڕانەوە حۆی دووبارەدەكاتەوە .

راستە ئێستا زۆر بەكەمی كارەكتەری " سۆپرمان " لەرۆمانی كوردیدا بەدیدەكرێ ، بەڵام ئەوەی وامان لێدەكات هێشتا سێبەری كەسێتی سۆپرمان لەرۆمانی كوردیدا بەدیبكەین ، كوشتنی زمان و روئیای كارەكتەرەكانی دیە ، بەوەی گێڕەرەوەی سۆپرمان بەدی دەكرێ ، بوونی یەك گێڕەرەوە بەشێوەیەك لەشێوەكان زمانی كارەكتەرەكان كورتدەكاتەوە و پانتاییەكی بەرفراوانبۆ گێڕانەوەی یادەوەری فەراهەم دەكرێت و شیعرییەت و ستاتیكای زمان شوێنكاتیش تووشی گرفتی نادیار لەسەر ئەرزی واقیع دەكات ، كە دەڵێم شوێن كات ، بەو مەبەستەی كە دەكرێ شوێن ، شوێنێكی رەمزی بێت و زەمەنیش پەیوەست بێت بەهوشیاری نووسەرەوە ،ئەم شێوازە مامەڵەكردنە شوێن و كات و روئیای بابەتیانەی دەق و گەیشتن بەدال ، بەئاراستەیەكی جێگیر دەبات و سایكولۆجییەتی كارەكتەرەكان و زمانی گێڕانەوە لەهوشیاریی تاكەكەسی تەجرید دەكات ، بەڵام تێكەڵكردنی زەمەن ، شوێنیش دەخاتە بەردەم هاوسەنگییەكی ناسەقامگیرەوە ، واتە دەكرێ ئێمە باس لەمێژووی كۆن و نوێ بكەین ، بەڵام ناكرێ زەمەن و شوێن لە چیرۆك و رۆمان فەرامۆش بكەین ،ئەگەربەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ زەمەن وشوێن بكرێت ئەوا نە زەمەن و نە زەمەنیش جێگیرنابن ، لەم حاڵەتەدا ئەگەر مێژوو بریتی بێت لەرووداوێكی دیاریكراو ، ئەوا شوێنیش بێ ئەوەی ئاماژەی پێبدرێت پەیوەستە بەتایبەتمەندی مێژووەوە ، ئەگەر شوێنیش تەنها ئاماژە بێت بە شار ، یا سەربازگە یا .......... ، ئەوە لەم حاڵەتەدا نووسەر سەركەوتوونابێت لەناساندنی مێژوو وەك رووداو ، بەڵكوو مێژوویەكی تێكەڵاو لەچەند قۆناغێكی جیاواز و زمانی گێڕانەوە و بیركردنەوە تووشی گرفتی لێكترازانی دالی و مەدلولیش دەكات و هێندەی خولیای وەسفی كارەكتەرەكانە ، نیو هێندە نەیتوانیوە لەپشت كۆدەكانەوە هێماكمان بۆ بشارێتەوە تا خوێنەر سەرسام و عەوداڵ بكات ، بۆیە دەبینین هەستیاریی پێشبینییەكان لەسنووری گوزارشتكرد لەهوشیاریی " خود " بۆ كەسایەتییەكان بوونی نابێ ، بەڵكوو گرفتی گێڕانەوەی رووداوەمێژوویەكان ، كارەكتەرەكان دەخاتە بەردەم دوو رەوتی ناجێگیرەوە ، یەكەم : مێژووی ئێمە پڕیەتی لەتراژیدیا ، بۆیە گرفتی سەرەكیمان سەرقاڵكردنی زمانە بەرووداوە تراژیدییەكانەوە و كەسایەتیكان دەبنە قوربانی گێڕانەوە و بێ ئاگایی لەجولە ، ئەوجار جولەی مێژوو بێت یا تەكنیك .

دووهەم : كاتێ نووسەر نەتوانی جولە و زمانی كارەكتەرەكان ئازاد بكات ، دەبینین باگراوندی زەمەنی كارەكتەرەكان وەهمین ، بەڵام وەهمی نەك بەومانایەی نووسەر بەروئیایەكی ناواقیعی یاحود فەنتازی دەنووسێ ، بەڵكوو بەومانایە نووسەر نەیتوانیوە رۆڵی كارەكتەرەكان دیاری بكات ، ئەم جۆرە گێڕانەوەیە زۆرجار تووشی ئاڵۆزییەك لەگێڕانەوەی جولەی كارەكتەرو زەمەنیش دەبێت كە تەنها لەمەودایەكی تەسكدا دەسوڕێتەوە و رۆڵی كارەكتەر بێ بایەخ دەكات . بۆئەوەی لەم شێوە گێڕانەوەیە حۆمان رزگار بكەین ، سەرەتا دەبێ ئەو خاڵانە رەچاوبكەین كە چەند گرنگە بۆ ئاشكراكردنی دیدگای جیاواز و بابەتیانەی رۆمانی لەسەر بونیاد دەنرێ ، پێویستە

جەخت لەو مەسەلەیە بنەڕەتیانە بکەینەوە کە لەپشت ماهییەتی هونەری گشتی ڕۆمان دایە ، ئەویش ڕۆمان لەسەر دوو بنەمای سەرەکیبونیاد دەنرێت ، ئەوانیش بوونی ڕەکیزەی شوینکات و ڕووداو لەناو حودی مێژووی شوێنکات .

خاڵی یەکەم : گوزارشت لەناوەڕۆکی ڕۆمان دەکات .

خاڵی دووهەم : شێوازی گێڕانەوەیە ، کەتەواوی ڕووداوەکان بەیەکەوە دەبەستێت و لەیەك جوغزی شوێنکاتدا جیاش دەکرێنەوە ، واتە زەمەنی ڕابووردوو لەگەڵ زەمەنی ئێستا ، شوێنی واقیعی و شوێنی ڕەمزی ، لێرەدا نووسەر دەتوانێ لەخاڵی سفری ڕووداوەوە بچێتە خاڵی زەمەنی نادیارو شوێنی دیار ، هەموو ئەم حاڵەتانە فەنتازیای زمان دەیانگەیەنێ بەیەك و جیاشیان دەکاتەوە .

" دەستنووسی فەقێکان " ڕۆمانی " نەجات نوری " ە ، سەرەتا دێمە سەر کارەکتەرەسەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە.

" بابلی گۆڕهەڵەکەن ، دەروێش خدر باوکی لالەعەبدە ، دەرویش خدر کوڕی لالەعەبدە ، لالەعەبدە ، حوسنی کچەقەرەج تاریقی ئەفسەر " گێڕەرەوەی ئەم ڕۆمانە ، بابلی گۆڕهەڵکەنە ، سەرەتا گێڕەرەوە باس لەدەنگی پیاوێکی وجاغکوێردەکات ، کە بەیانییەکی زوو ، داوای لەخەڵکی دەکرد خۆیان ڕووتبکەنەوە ، چونکە ئەو جلوبەرگانە جوانی مرۆڤەکان ونکردووە ، ئەمە کۆدی سەرەکی ئەم ڕۆمانەیە کە نووسەر لەڕێی پیاوێکی وجاغکوێرەوە بانگەشەی بۆ دەکات ، ئەوەی دەکرێ قسەی لەسەر بکەین ئەوەیە بوونی ناوی دوو دەروێش حدر لەم ڕۆمانەدا مایەی ئاوڕدانەوەیە ، سەرەتا ئەگەر دەروێش خدر باپیرەی بوایە لەو بەیانەدا بانگەشەی خۆڕووتکردنەوەی بکردایە ، ڕەنگە دەبوو بڵێن دەروێش خدری بچووك وەك باپیرەی هەر لەمناڵییەوە ئەم پەیامەی پشتاوپشت بۆ مابێ ، کۆدی ڕووتبوونەوە لەجلوبەرگ تا کۆتایی ڕۆمان پەلکێشمان دەکات ، واتە بیرۆکەی سەرەکی ڕۆمانەکەیە ، بەڵام ڕووتبوونەوەی دەروێش خدری بچووك لەو ساتەوە دەستپێدەکات کە دایکی دەمرێت و لەسەر تەختەشۆرەکە دەیبینێ ، واتە ڕووتبوونەوەی دەروێش خدری بچووك ، لەدەرەوەی ئیرادەی نوسەر و بنەما سەرەکیەکەی ئەم ڕۆمانەدایە ، واتە تەنسیقێك نییە ڕووتبوونەوەی دەروێش خدری بچووك بەئەسڵی مەسەلەکەوە بەستێتەوە ، ئێمە ناتوانین بڵێین یەکەمجار بانگەشەی ڕووتبوونەوە لەلایەن دەروێش خدری باپیریەوە بووە، لەبەر ئەوەی گێڕەرەوە " بابلی گۆڕهەڵکەن " دەڵێ " با دەنگی قورئان حوێنێکی پیری دەهێنا دەنگی پیاوێکی وجاغکوێر" بۆیە ناکرێ بڵێین ئەو دەنگە دەنگی دەروێش خدری باپیرەبوو ، لەبەر ئەوەی باوکی لالەعەبدەیە ، دەروێش خدری بچوکیش کوڕی لالەعەبدەیە ، دواجار بابلی گۆڕهەڵکەن لەزمانی لالەعەبدەوە دەڵێ " نازانم ئەم کوڕەی من بۆ بەناوی باپیرەیەوە بانگی دەکەن ،خۆی ناوی هێمنە " لەکاتێکدا ئەسڵی مەسەلەکان یاخود بنەماسەرەکییەکانی بیرۆکەی ڕووتبوونەوەی ئینسان لەدەروێش خدری بچووکەوە درێژەی پێدرا ، کەواتە ناکرێ بیرۆکەی ڕووتبوونەوەی ئینسان خۆڕسکی بێت ، چونکە بابلی گۆڕهەڵکەن لەزمانی دەروێش خدری بچووکەوە دەڵێ " جوانیەکانی ئێمە لەژێر ئەو جلوبەرگەدایە کە ئێمە خۆمان پێداپۆشیوە و ڕەخنەی توندئاراستەی هەموو ئەوانەدەکەین کە جلوبەرگیان پۆشیوە " لەکاتێکدا وەك بابلی گۆڕهەڵکەن " کە شۆڕشگێڕێك شەهید دەکەن ، هەربەجلوبەرگەکەیەوە بینێژن " بەبڕوای من ئەسڵی مەسەلەی ڕووتبوونەوە لەم ڕۆمانەدا سەرکەوتوونەبووە ، بەلای

منەوە هەڵبژاردنی ئەم بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆ یەک مەسەلە، ئەویش نەجات نوری هەوڵیداوە کارێك بکات لەرۆمانەکانی تری نەچێت ، بەلاّم لەناوەڕۆکدا ئەم روئیایە دەرئەنجامەکەی بۆ پاکبوونەوەی ئینسانەکان دەگەڕێتەوە بە بڕوای من بیرۆکەی رووتبوونەوەی مرۆڤەکان لەم رۆمانەدا، دەلالەت لەسستمی سۆسیالیستی دەکات، بۆیە نووسەر هەوڵیداوە لەمیانەی ئەم بیرۆکەیەوە حیزبی شیوعی‌و شۆڕشگێڕە مارکسستەکان بێنێتە ئاراوە.

لێرەدا نووسەر سێ کۆڵەکەی سەرەکی هەیە تا کاری لەسەر بکات، ئەوانیش دەوڵەت بۆ کوشتنی دەنگە جیاوازەکان + حیزبی شیوعی + شۆڕشگێڕە مارکسیەکان، لەم سەرو بەندەدا نووسەر رەخنەی توند ئاراستەی حیزبی شیوعی دەکات هەندێ جاریش بەئاشکرا دەبینی مەیلی بەلای شۆڕشگێڕە مارکسیەکاندا دەڕوات، ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە نووسەر دەیەوێ لەرێی زەمەنەوە گرفتەکانمان بۆ بخاتەڕوو، بۆیە باس لەبەرەی حیزبی شیوعی‌و حکومەتی عێراق دەکات.

هەموو دەزانین تێکچوونی بەرەی حیزبی شیوعی‌و حکومەتی عێراقی، ساڵی "1978" بوو، بەلاّم نووسەر لەم سەرو بەندەدا باس لەئاهەنگی رۆژی لەدایکبوونی سەرۆك دەکات، کە لە بنەڕەتدا مودیلی رۆژی لەدایکبونی سەرۆك "سەدام حوسین" هێنایە ئاراوە، سەدامیش ساڵی 1979 بوو بەسەرۆك، بۆیە تێکەڵکردنی مێژوو لەم رۆمانەدا گرفتی زۆری خستووەتە بەردەم سەرکەوتوویی ئەم دەقە،

بۆیە تێکەڵکردن‌و شارەزا نەبوون لەمێژوو، نە خزمەتی زەمەنو نە خزمەتی شوێن لەرۆماندا دەکات، سەرەتا ئاماژەم بەوەدا نووسەر لەم رۆمانەدا هەوڵیداوە کار لەسەر زەمەن بکات‌و شوێن فەرامۆش بکات، بەلاّم دواجار لەبەر ئاڵۆزی زەمەن، شوێنیش تووشی گرفت دەبێت، بۆیە بێ ئەوەی زەمەنێکی دیاریکراومان هەبێ، شوێنیش تووشی ئاڵۆزی دەبێت.

لەم رۆمانەدا کاك نەجات زۆر هەوڵیداوە خۆی لەشوێن بپارێزێ، بەلاّم نەیتوانیوە تایبەتمەندی بەشوێن بدات‌و نە توانیویەتی شوێن وەك سمبولێك بۆ گەیاندنی بیرۆکەکە بوونیاد بنێ، نە توانیویەتی لەتایبەتمەندی سلێمانی خۆی دەرباز بکات، بەوەی چەند جارێك بالی گۆڕ هەڵکەن، زۆربەی رووداوەکانی ناو سلێمانی باس دەکات، وەك کۆچپێکردنی جولەکەکان‌و.. هێنانەوەی تەرمی چل شەهیدی منالّ. هاتنەوەی شۆڕشگێڕەکان بۆ ناو شار.. هتد.

لەپێشەکی ئەم باسەدا، باسمان لەگرفتی رزگارنەبون لەکەسێتی "سۆپرمان" کرد ئەویش لەبەشێکی زۆری رۆمانەکانی ئەم دواییەدا بەدی دەکرێ، ئەویش گرفتی تاك گێڕەرەوەیە، هەر لەسەرەتای ئەم رۆمانەوە، نووسەر یەك گێڕەرەوەی هەیە، ئەویش.. بابلی گۆڕ هەڵکەن"ە، تەواوی کارەکترەکانی تری ئەم رۆمانەی لەرێی گێڕانەوەی رووداوەکان توشی گرفتی جیاجیاکردووە،

یەکەم: لەڕووی جوڵەی مێژوو.. زمانی جیاوازەوە، جگە لەبابلی گۆڕ هەڵکەن، کارەکتەرەکانی دی ناتوان بوونیادی رەگەزە جیاوازەکان بەئاراستەیەکی دیدا بەرەن، چونکە تایبەتمەندی کارەکتەرەکانی لەبینین‌و بیستن‌و ستاتیکای زمان، خستووەو .. لەبەردەم خوێنەردا دونیایەکی جیاوازمان پێ دەبەخشێ، ئەویش دەنگ‌و روئیای گێڕەرەوەیەو.. دەنگی ئەوانی دی نەبیستراوە.

خاڵی دووەم: پشت بەستن بەتاك گێڕەرەوە، دەبێتە مایەی بونیادی نەبوونی ئەوعەدی، "لاغیو".

ئەگەر رۆمانەکەی "نەجات نوری" بەگێڕانەوەیەکی سەرد، ئەژمار بکەین، دەبێ ئەرکی گێڕەرەوە، خستنەڕووی هەموو رووداوە یەك لەدوای یەکەکان و باگراوندی کات و شوێنی کارەکتەرەکان بخاتەڕوو، دواجار گێڕەرەوەش بەشێك بێت لەکارەکتەرە بەشداربووەکان،

راستە رۆمانی "دەستنووسی فەقێکان" ئەم رەوتەی لەخۆگرتووە، بەڵام دەرئەنجام نە شوێن و نە زەمەنیش، بەشێوەیەکی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە.

بەبڕوای من ئەم شێوە مامەڵەکردنە لەگەڵ رۆمان دەچێتە خانەی یادەوەرییەوە.

لەڕووی زمان و بوونیادی چیرۆکەوە لەگەڵ ئەوەی هەڵەی زمان و رستەسازی تێدایە، بەڵام بوونیادێکی شیعریی و ئەفسانەیشی تێدا بەدی دەکرێت.

بەڕای من سەرکەوتووترین کەس کە توانیبێتی مامەڵە لەگەڵ ئەم زمان و ناوەڕۆکەدا بکات "بەختیار عەلی"ە لەرۆمانی "ئێوارەی پەروانە"، لەم رووەوە کاك نەجات، سەرکەوتوو بووە لەهەڵبژاردنی سیحری گێڕانەوەی رۆمان، بەڵام ئەوەی گرفتە لەبەردەم هەزمنەکردنی ئەم جۆرە زمانە لای کاك نەجات، کامڵنەبوونی ئەو سیحریە ئەفسانەییە، کە ناچاری دەکات درێژە بەوەسف و گێڕانەوەی رستەکان بدات، تەنانەت هەندێ جار، لەهەڵبژاردنی ناوی کارەکتەرەکانیش، ئەو رۆحە دەروێشی و ئەفسانییە هەیە، کە لەهەندێ رۆمانی تردا هەیە، بەتایبەتی لەلای "بەختیار عەلی"، پێموایە مەبەست لەم ناوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رەوتە نوێیەی کە رمۆانی کوردی بەرەو بەئەفسانەکردن و سۆفی کدرنی کارەکتەرەکان و دەقەکەی دەبات.

ناوەڕۆکی ئەم رۆمانە لەسەر چەمکی رووتبوونەوەی مرۆڤەکان لەجلوبەرگ، یا پاکبوونەوەی مرۆڤەکان لەگوناه بوونیاد نراوە، بۆیە لەبەشێکی زۆری گێڕانەوەکان گوزارشت لەبیری سەلەفییەت و.. توندوتیژی دژی مرۆڤەکان و ئازادکردنی عەقڵی مرۆڤەکان دەکات، بۆ نمونە، هەڵاتنی فەقێکان لەدرودو خواپەرستی و.. گەڕان بەدووی عەشق بەتێگەیشتنی خۆیان کە بریتیە لەبەتاڵکردنەوەی غەریزە سێکسیەکان.

ماهییەتی رووتبوونەوە، بریتیە لەعەشق، بەڵام چ عەشقێك؟

ئەو عەشقەی کە نووسەر ئاماژەی پێ دەدا، بەوەی نە فەقێکان، نە دەوڵەت، نە شیوعیەکان و.. نەرابوردووی ئێمەش نەیانتوانیوە عاشق بن، وەك ئەوەی بابلی گۆڕهەڵکەن دەگێڕێتەوە، هەرچی لەناو شار دەکوژرێت بێ ئەوەی لەدوورو نزیکەوە ئاگای لەشۆڕش هەبێت، بەقارەمانی دەناسێن، لەلایەکی ترەوە، جەخت لەناشرینی رابوردو دەکات و لەبەرانبەردا باسی مارکسیە شۆڕشگێڕەکان دەکات، بە بڕوای من، عەشق لەم رۆمانەدا هێندەی خزمەتی ئایدیولۆژیایەکی دیاریکراو دەکات، ئەوەندە خزمەتی تایبەتمەندی عەشق وەك چەمکی پاکبونەوەی تەواوی مرۆڤەکان ناکات.

نووسەر نەك نەیتوانیوە عەشق وەك دونیایەکی خاڵی لەنەزانی و سەلەفییەت وەسف بکات، بەڵکو ئەوەندەی تر، عەشقی خستووەتە بەردەم گومانکردنەوە، بۆیە دەڵێ.. "ئەوان بەزمانی عەرەبی فتوایان بۆ کوشتنی عاشقانی ئەم شارە دەدا، هەموو فەقێ و مەلاکانی ئێمەیان بەجاهل دەزانی".

کەواتا دەکرێ بڵێین هەلاّتنی فەقێکن لەدرودو خوداپەرستی، بەرەو عەشق، هەلاّتنێکی وەهمیە بۆ تێگەیشتن لەعەشق.

کارەکتەرێك کە رۆحی مرۆڤە لێکدابڕاوەکانی بەیەکەوە گرێ دەداو.. عەشقی یەکبوونەوەی لەمالآن زیندوو دەکردەوە، کەچی لەچەند پەرەگرافێك بەولاوە، بابلی گۆڕهەڵکەن ئاماژەکانی ئەم کارەکتەرەشی پەراوێز خستوە، گەیاندنی نامە، تەنها گەیاندنی نامە نیە وەك ئەرك، بەڵکو بەستنەوەی ئەو خەونە دابڕاوو ئارەزووە کاڵبوونەوەی ئینسانە بۆ ژیان و گەڕان بەدوای ئەوی دی.

لەم رۆمانەدا دالی رووتبوونەوە، مەدلوولێك نیە بۆ عەشق بەچەمکە مرۆڤایەتییەکەی، بەڵکو هەوڵێکە بۆ بەستنەوەی بابلی گۆڕ هەڵکەن بەدەروێش خدرو.. تاریقی ئەفسەرەوە.

یەکێك لە گرفتە ئاڵۆزەکانی ئەم رۆمانە لەپاکبوونەوە، یا رووتبوونەوەی "تاریقی ئەفسەر"ە.

بە بڕوای من گرفتی سەرەکی رووتبوونەوەی تاریقی ئەفسەرو گەیشتن بە دەروێش خدر، دووبارەبوونەوەی "سامری بابلی" ئەفسەرە، لەرۆمانی "شاری مۆسیقارە سپیەکان"ی "بەختیار عەلی" ئەم خاڵەتەش بۆ درێژەپێدانی پاکبوونەوەی جەلاد لەتاوان، وەك چۆن سامری بابلی دەیەوێ لەڕێی جەلادەتی کۆترەوە، بانگەشە بۆ پاکبوونەوەی خۆی بکات، بەهەمان شێ لەرۆمانەکەی کاك نەجات، تاریقی ئەفسەر دەیەوێ لەڕێی بابلی گۆڕهەڵکەنەوە بانگەشەی پاکبوونەوەی خۆی بگەیەنێت.

لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە نووسەرانی ئێمە ناتوانن لەچوارچێوەی گشتی واقیع و گێڕانەوەی کۆی ئازارەکانی خۆیان دەرباز بکەن، بۆیە دەبینی لەبیرکردنەوەی ئێمەدا یەك جۆر تێگەیشتن هەیە بۆ واقیع، ئەویش گەڕانە بەدوای جەلادو قوربانی، بەلاّم لەم رۆمانەدا ئامانج لەپشت رووتبووەوەی تاریقی ئەفسەرو.. وێنەگرتنی لەگەڵ دەروێش خدر بێ حیکمەتە، چونکە کارەکتەری سەرەکی ئەم رۆمانە، کە بابلی گۆڕهەڵکەنە، نەیتوانیوە جوڵەی دەروێش خدرو تاریقی ئەفسەرمان بۆ بگێڕێتەوە، یاخود حیکمەت لەڕووتبوونەوەی تاریقی ئەفسەر، بەجیهان دەگەیەنێ.

ئێمە دەتوانین بڵێین گێڕانەوەی واقیع، بچووککردنەوەی واقیعە، بەلاّم ناکرێ پشت لەواقیع بکەین، چونکە لەبنەڕەتدا هەموو مرۆڤەکان لەناو واقیعی و.. یادەوەریەکانیدا دەژین.

ئەدۆنی دەڵێ.. "هیچ نووسەرێك، هەرچەند پانتایی بیرکردنەوەی فراوان بێت، ناتوانێت و واقیع بگێڕێتەوە، ئەوەی ئینسانەکان باسی لێوە دەکەن واقیعێکی وەستاوە، چونکە واقیع هەمیشە لەجوڵەدایە".

کەواتە، ئەوەی "ئەدۆنیس" باسی لێوە دەکات، دەبێ ناوی لێ بنێین یادەوەری، چونکە بیری مرۆڤەکان لەسەر یادەوەری بووبنیاد نراوە، ئەمە دیوێکی ئەو حاڵەتەیە کە هەندێ جار یادەوەریەیکان گشتین و گرفتی لێکچوون دروست دەکەن، بەلاّم هەندی جاری تر، بێ توانایی بیرکردنەوەی خۆمانە ناچارمان دەکات بمانباتەوە سەر رونیاو.. بوونیادی دەقی دی، کە تەواو لێکچوون و دروست دەکات، ئەم جۆرە لێکچوونە بەلای کەسەکانەوە، کارێکی ئاسانە بۆ بەرهەم هێنانەوەی نووسینێکی دی‌ن چونکە لەبنەڕەتدا ئەو حاڵەتە ئەرکی زمان نیە، بەڵکو

ئەركی خەیاڵ و یادەوەریە، كەواتە بوونی یادەوەری یا رووداوی گشتی لەچەند دەقێكدا، بێ توانایی زمان و بیركردنەوەیە.

ئێمە پێشتر وتمان هەموو كەسێك لەناخیدا یادەوەری و مێژووی هەڵگرتووە، ئەویش لەو روانگەیەوە كە هیچ دەقێك لەدونیادا نیە، كاریگەریی دەقی تری بەسەرەوە نەبێ، بەڵام ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێ هەموومان لەیەك گۆشەنگیاوە لەواقیع بڕوانین و.. هەوڵبدەین داهێنان بخەینە خزمەتی گێڕانەوەی ئازارو ئەشكەنجەكانەوە، بۆیە هەموو ئەو یادەوەریانەی بابلی گۆڕهەڵكەن دەیانگێڕێتەوە، پەیوەستن بەو كارەكتەرە بێ جوڵەو زمانانەوە كە نووسەر لەڕێی گێڕەرەوە گوزارشتیان لێدەكات، لەم كاتەدا ئەگەر مێژوو + زمانی لالە عەبدە بۆ دونیاو عەشق بەزمان و بیركردنەوەی كەسێكی تر بێت، ئەوا لەتایبەتمەندی لالە عەبدەو ئەوانی دی دەردەچێت و.. شوێنكاتی رووداوەكان نادیار دەبن و ناوەڕۆكی بابەتیانەی دەق چ ئاراستەیەكی دیاریكراوی نابێ، هەر بۆ نموونە رووتبوونەوەی حوسنی كچە قەرەج و تاریق ئەفسەر، بەبڕوای من ئەمە هاوكێشەیەكی ئاڵۆزە بۆ ماهییەتی رووتبوونەوە لەم رۆمانەدا، بەوەی تاریقی ئەفسەر پیاوكوژەو.. حوسنیش كچە قەرەجێكی نەخوێندەوارە، ئەگەر تاریقی ئەفسەر بۆ ئاشكراكردنی بیركردنەوەی دەروێش خدرو دەستنووسی فەقێكان خۆی روونكردەوە، ئەوا كێشەی حوسنی كچە قەرەج هێندەی گرفتی عیشقە بەمانا رۆمانسیەكەی، هێندە بەدوای عیشق بەمانا مرۆڤایەتیەكەی نیە، هەربۆیە پێشتر ئاماژەم بەوەدا، كە ناوەڕۆكی ئەم رمۆانە زیاتر لەخزمەتی ئایدیۆلۆژیایەكی دیاریكراوە، نەك گەڕان بەدووی عەشق وەك پاكبوونەوەی مرۆڤ لەگوناهەكان، چونكە لەبنەڕەتدا پتەوی رۆحی حوسنی و دەروێش خدر بەیەكەوە نابەستێتەوە، كە لەكۆتایی باسەكەمدا دێمە سەری.

رەگەزكی تری گرنگ لەم رۆمانەدا، دەستنووسی فەقێكانە، كە رۆمانەكەشی بەو ناوەوە نراوە، لەبنەڕەتدا دەستنووسی فەقێكان و بنەمای سەرەكی ئەم رۆمانە، دوور دەركەوتی جیاوازن، یەكەم بۆ رووتكردنەوەیە لەجلوبەرگ، واتە پاكبوونەوەی مرۆڤ لەگوناهو ناشرینەكانی، دووەم خۆرووتكردنەوەیە لەدروود خوێندن و رزگاربوون لەتاریكی، بۆئەوەی بزانین لەسیاقی بابەتیانەی ئەم رۆمانەدا، ئەم دوو رەكیزەیە یەك دەگرنەوە، یاخود هەریەك لای خۆیەوە روئیایەكی جیاواز یان هەیە، ئەمەیان رۆمانەكە خۆی ئەم دوو دەركەوتەی لێكترازاندووە، ئەوەی زیاتر خوێنەر بەلای خۆیدا پەلكێش دەكات، دەستنووسی فەقێكانە، بەڵام ئەم دەركەوتەیە بەبڕوای من نەبووەتە بنەمایەكی سەركەتوو، چونكە بنەمای ئەم رۆمانە لەسەر چەمكی روتبوونەوە بوونیاد نراوە، بۆیە دەستنووس و ئاریشەی فەقێكان گرفتێكی تری مرۆڤەكانە.

دەستنووسی فەقێكان، "دەستنووسی سلیمان"مان دێنێتەوە بیر، كە لەرۆمانی "ئافاتەكانی بنەماڵەی مێخەك"ی "عەتا محەمەد"دا هەیە، گەڕان لای سلیمان، گەڕانە بەدووی دۆزینەوەی رێگا چارەیەك بە گەیشتن بەفیكرو مەعریفە، بەڵام لەدەستنووسی فەقێكان گرفتەكان جیاوازن، ئەوەی لەیەكیان دەچوێنێ، تایبەتمەندی "دەستنووس"ە.

ئەوەی لای كاك نەجات كاری لەسەر كراوە نووسینەوەی رزگاربوونە لەو رۆحە دیلەی فەقێكان و گەڕانە بەدوای بەتاڵبوونەوەی فەقێكان لەچێژو لەزەتی سێكس، ئەمەش جۆرێكە لەخەونی ئەو كەسانەی كە بەرۆح دیل كراون،

بۆیە دەبینن هەریەك لەم دوو خەونە، دوو دونیای جیاوازیان هەیە، خەونی سەفەرێکی زاتی بەدوای مەعریفەو.. خەونی رزگاربوونی رۆح لەئەسارەت، گرفتی سەرەکی فەقێکان، حاڵەتی دووەمە، چونکە لەبنەڕەتدا شوێنی تایبەتی فەقێکان، لەکۆمەڵگای ئێمەدا، جگە لەنێوان چوار دیواری ماڵی خودا، ئاسمان و شەرعییەتی ئاینیش ئەو رۆحە ئاراستە دەکات.

لێرەدا نووسەر ئەوەمان بیردەخاتەوە، لەگەڵ ئەو هەموو بڕیارانەی بەسەر سایکۆلۆژییەتی فەقێکاندا دراوە، هیچ هێزێك نیە بتوانێ چێژی سێکس لای مرۆڤەکان بکوژێت، بۆیە ممارەسەکردنی سێکس لای فەقێکان، لەڕێی نووسینەوەی یادەوەری جیاوازی ژیانکردنی خۆیان و فشاری چێژی سێکسیە،

ئەم حاڵەتە لای "پەروانە"ش لەرۆمانی "ئێوارەی پەروانە"ی "بەختیار عەلی"دا هەیە، پەروانە، لەڕووی رۆحی و سایکۆلۆژیەوە داگیرکراوە، بۆیە دەبنیی بۆ رزگاربوون لەم رۆحە داگیرکراوە، لەتە ئاوێنەو شانەکەی لەناو سوخمەو جلوبەرگەکەیدا حەشارداوە، بەمەش چ پەروانەو.. چ فەقێکان لەناو یەك جۆر دۆزەخدان و .. سەرسەختانە بیر لەهەڵاتن لەو دونیایە دەکەن.

لەکۆتایی ئەم رۆمانەدا، تاریقی ئەفسەر، دەروێش خدرو.. حوسنی کچە قەرەج دەکوژێت، پێش ئەوەی حوسنی رۆحی دەربچێت، باس لەهۆکاری سەردانیکردنی بۆ سەر ئەو گۆڕە دەکات، کە بەردەوام بێ ئەوەی کەس بزانێت بۆچی، سەردانی دەکرد، ئەویش گۆڕی پێشمەرگەیەکی شەهید بوو کە لەشەوێکدا یەکتریان ناسی و هەر بەشەوان یەکتریان دەبینیی و.. هەر بەشەویش کەوتە بۆسەوەو.. شەهید بوو.

راستە نووسەر لەڕێی بابلی گۆڕ هەڵکەنەوە کارەکتەرەکانی دەدواند، بەڵام دواجار گێڕانەوەی مەشق لەلای حوسنی کچە قەرەج، دونیایەکی ئەفسووناویی و سیحرئامێزی تێدا بەدی دەکرێت، بۆیە من دەگەڕێمەوە سەر ئەسڵی جیاوازی تێڕوانینی رووتبوونەوە لای دەروێش خدرو..

حوسنی کچە قەرەج، دەروێش خدر لەدایکیەوە فێری رووتبوونەوە بوو، بۆ پاکبوونەوەی مرۆڤەکان، بەڵام حوسنی کچە قەرەج بۆ خۆشەویستەکەی، وەك چۆن لەشەوێکدا بەخۆشەویستەکەی دەڵێ.. "تۆ بۆ خۆشەویستی خوڵقاوی نەك بۆ هەڵگرتنی چەك".

دەکرێ ئێمە لێرەدا قسە لەسەر جیاوازی عەشق و تفەنگ بکەین، کە ئەم رۆمانەی بەدوو ئاراستەی جیاوازدا بردووە، ئاراستەیەکی ئایدیۆلۆژیی و.. ئاراستەیەکی رۆمانسی، کە راستەوخۆ بووەتە مایەی کاڵبوونەوەی چەمکی رووتبوونەوە، بەمانا مرۆڤایەتیەکەی، چونکە لەبنەڕەتدا، دەروێش خدر لەگەڵ تەواوی پێکهاتەی شاردا گرفتی هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ حیزبی شیوعی، کە مەبەست لێرەدا بەئاراستەبردنێکی ئایدیۆلۆژی رۆمانەکەو... بێ بایەخ کردنی چەمکی "دەستنووس"ە لەم رۆمانەدا، کە گرفتێ:ی زۆری خستووەتە بەردەم تاریق ئەفسەر بۆ ئەم مەسەلەیە، کە لەدوایدا، جگە لەنووسینەوەی یادەوەریەکانی خۆیان هیچ کاریگەرییەکی بەسەر پێکهاتەو گەیشتن بە "دال"ی سەرەکی رۆمانەکەوە نیە، بۆیە بە بڕوای من هەڵبژاردنی ناونیاشنی ئەم رۆمانە "دەستنووسی فەقێکان" جگە لەسەرنج راکێشانی خوێنەر بەلای خۆیدا، هیچ خزمەتێك بەکۆدی سەرەکی ئەم رۆمانە ناکات.

ئێمە پێشتر وتمان هەموو کەسێك لەناخیدا یادەوەری و مێژووی هەڵگرتووە، ئەویش لەو روانگەیەوە کە هیچ دەقێك لەدونیادا نیە، کاریگەریی دەقی تری بەسەرەوە نەبێ، بەلاّم ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێ هەموومان لەیەك گۆشەنگیاوە لەواقیع بڕوانین و.. هەوڵبدەین داهێنان بخەینە خزمەتی گێڕانەوەی ئازارو ئەشکەنجەکانەوە، بۆیە هەموو ئەو یادەوەریانەی بابلی گۆڕهەڵکەن دەیانگێڕێتەوە، پەیوەستن بەو کارەکتەرە بێ جوڵەو زمانانەوە کە نووسەر لەڕێی گێڕەرەوە گوزارشتیان لێدەکات، لەم کاتەدا ئەگەر مێژوو + زمانی لالە عەبدە بۆ دونیاو عەشق بەزمان و بیرکردنەوەی کەسێکی تر بێت، ئەوا لەتایبەتمەندی لالە عەبدەو ئەوانی دی دەردەچێت و.. شوێنکاتی رووداوەکان نادیار دەبن و ناوەڕۆکی بابەتیانەی دەق چ ئاراستەیەکی دیاریکراوی نابێ، هەر بۆ نموونە رووتبوونەوەی حوسنی کچە قەرەج و تاریق ئەفسەر، بەبڕوای من ئەمە هاوکێشەیەکی ئاڵۆزە بۆ ماهییەتی رووتبوونەوە لەم رۆمانەدا، بەوەی تاریقی ئەفسەر پیاوکوژەو.. حوسنیش کچە قەرەجێکی نەخوێندەوارە، ئەگەر تاریقی ئەفسەر بۆ ئاشکراکردنی بیرکردنەوەی دەروێش خدرو دەستنووسی فەقێکان خۆی رووتکردەوە، ئەوا کێشەی حوسنی کچە قەرەج هێندەی گرفتی عیشقە بەمانا رۆمانسیەکەی، هێندە بەدوای عیشق بەمانا مرۆڤایەتیەکەی نیە، هەربۆیە پێشتر ئاماژەم بەوەدا، کە ناوەڕۆکی ئەم رۆمانە زیاتر لەخزمەتی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوە، نەك گەڕان بەدووی عەشق وەك پاکبوونەوەی مرۆڤ لەگوناهەکان، چونکە لەبنەڕەتدا پتەوی رۆحی حوسنی و دەروێش خدر بەیەکەوە نابەستێتەوە، کە لەکۆتایی باسەکەمدا دێمە سەری.

رەگەزێکیتری گرنگ لەم رۆمانەدا، دەستنووسی فەقێکانە، کە رۆمانەکەشی بەو ناوەوە نراوە، لەبنەڕەتدا دەستنووسی فەقێکان و بنەمای سەرەکی ئەم رۆمانە، دوو دەرکەوتی جیاوازن، یەکەم بۆ رووتکردنەوەیە لەجلوبەرگ، واتە پاکبوونەوەی مرۆڤ لەگوناهو ناشرینەکانی، دووەم خۆرووتکردنەوەیە لەدروود خوێندن و رزگاربوون لەتاریکی، بۆئەوەی بزانین لەسیاقی بابەتیانەی ئەم رۆمانەدا، ئەم دوو رەکیزەیە یەك دەگرنەوە، یاخود هەریەك لای خۆیەوە روئیایەکی جیاوازیان هەیە، ئەمەیان رۆمانەکە خۆی ئەم دوو دەرکەوتەی لێکترازاندووە، ئەوەی زیاتر خوێنەر بەلای خۆیدا پەلکێش دەکات، دەستنووسی فەقێکانە، بەلاّم ئەم دەرکەوتەیە بەبڕوای من نەبووەتە بنەمایەکی سەرکەتوو، چونکە بنەمای ئەم رۆمانە لەسەر چەمکی روتبوونەوە بوونیاد نراوە، بۆیە دەستنووس و ئاریشەی فەقێکان گرفتێکی تری مرۆڤەکانە.

دەستنووسی فەقێکان، "دەستنووسی سلیمان"مان دێنێتەوە بیر، کە لەرۆمانی "ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەك"ی "عەتا محەمەد"دا هەیە، گەڕان لای سلیمان، گەڕانە بەدووی دۆزینەوەی رێگا چارەیەك بە گەیشتن بەفیکرو مەعریفە، بەلاّم لەدەستنووسی فەقێکان گرفتەکان جیاوازن، ئەوەی لەیەکیان دەچوێنێ، تایبەتمەندی "دەستنووس"ە.

ئەوەی لای کاك نەجات کاری لەسەر کراوە نووسینەوەی رزگاربوونە لەو رۆحە دیلەی فەقێکان و گەڕانە بەدوای بەتاڵبوونەوەی فەقێکان لەچێژو لەزەتی سێکس، ئەمەش جۆرێکە لەخەونی ئەو کەسانەی کە بەرۆح دیل کراون، بۆیە دەبینن هەریەك لەم دوو خەونە، دوو دونیای جیاوازیان هەیە، خەونی سەفەرێکی زاتی بەدوای مەعریفەو.. خەونی رزگاربوونی رۆح لەئەسارەت، گرفتی سەرەکی فەقێکان، حاڵەتی دووەمە، چونکە لەبنەڕەتدا شوێنی

تایبەتی فەقێکان، لەکۆمەڵگای ئێمەدا، جگە لەنێوان چوار دیواری ماڵی خودا، ئاسمان و شەرعییەتی ئاینیش ئەو ڕۆحە ئاراستە دەکات.

لێرەدا نووسەر ئەوەمان بیردەخاتەوە، لەگەڵ ئەو هەموو بڕیارانەی بەسەر سایکۆلۆژییەتی فەقێکاندا دراوە، هیچ هێزێك نیە بتوانێ چێژی سێکس لای مرۆڤەکان بکوژێت، بۆیە ممارەسەکردنی سێکس لای فەقێکان، لەڕێی نووسینەوەی یادەوەری جیاوازی ژیانکردنی خۆیان و فشاری چێژی سێکسیە، ئەم حاڵەتە لای "پەروانە"ش لەرۆمانی "ئێوارەی پەروانە"ی "بەختیار عەلی"دا هەیە، پەروانە، لەڕووی ڕۆحی و سایکۆلۆژیەوە داگیرکراوە، بۆیە دەبنیی بۆ رزگاربوون لەم ڕۆحە داگیرکراوە، لەتە ئاوێنەو شانەکەی لەناو سوخمەو جلوبەرگەکەیدا حەشارداوە، بەمەش چ پەروانەو.. چ فەقێکان لەناو یەك جۆر دۆزەخدان و .. سەرسەختانە بیر لەهەڵاتن لەو دونیایە دەکەن.

لەکۆتایی ئەم رۆمانەدا، تاریقی ئەفسەر، دەروێش خدرو.. حوسنی کچە قەرەج دەکوژێت، پێش ئەوەی حوسنی ڕۆحی دەربچێت، باس لەهۆکاری سەردانیکردنی بۆ سەر ئەو گۆڕە دەکات، کە بەردەوام بێ ئەوەی کەس بزانێت بۆچی سەردانی دەکرد، ئەویش گۆڕی پێشمەرگەیەکی شەهید بوو کە لەشەوێکدا یەکتریان ناسی و هەر بەشەوان یەکتریان دەبینی و.. هەر بەشەویش کەوتە بۆسەوەو.. شەهید بوو.

راستە نووسەر لەڕێی بابلی گۆڕ هەڵکەنەوە کارەکتەرەکانی دەدواند، بەڵام دواجار گێڕانەوەی عەشق لەلای حوسنی کچە قەرەج، دونیایەکی ئەفسووناویی و سیحرئامێزی تێدا بەدی دەکرێت، بۆیە من دەگەڕێمەوە سەر ئەسڵی جیاوازی تێڕوانینی رووتبوونەوە لای دەروێش خدرو.. حوسنی کچە قەرەج، دەروێش خدر لەدایکیەوە فێری رووتبوونەوە بوو، بۆ پاکبوونەوەی مرۆڤەکان، بەڵام حوسنی کچە قەرەج بۆ خۆشەویستەکەی، وەك چۆن لەشەوێکدا بەخۆشەویستەکەی دەڵێ.. "تۆ بۆ خۆشەویستی خوڵقاوی نەك بۆ هەڵگرتنی چەك".

دەکرێ ئێمە لێرەدا قسە لەسەر جیاوازی عەشق و تفەنگ بکەین، کە ئەم رۆمانەی بەدوو ئاراستەی جیاوازدا بردووە، ئاراستەیەکی ئایدیۆلۆژی و.. ئاراستەیەکی رۆمانسی، کە راستەوخۆ بووەتە مایەی کاڵبوونەوەی چەمکی رووتبوونەوە، بەمانا مرۆڤایەتیەکەی، چونکە لەبنەڕەتدا، دەروێش خدر لەگەڵ تەواوی پێکهاتەی شاردا گرفتی هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ حیزبی شیوعی، کە مەبەست لێرەدا بەئاراستەبردنێکی ئایدیۆلۆژی رۆمانەکەو... بێ بایەخ کردنی چەمکی "دەستنووس"ە لەم رۆمانەدا، کە گرفتێکی زۆری خستووەتە بەردەم تاریق ئەفسەر بۆ ئەم مەسەلەیە، کە لەدوایدا، جگە لەنووسینەوەی یادەوەریەکانی خۆیان هیچ کاریگەرییەکی بەسەر پێکهاتەو گەیشتن بە "دال"ی سەرەکی رۆمانەکەوە نیە، بۆیە بە بڕوای من هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەم رۆمانە "دەستنووسی فەقێکان" جگە لەسەرنج راکێشانی خوێنەر بەلای خۆیدا، هیچ خزمەتێك بەکۆدی سەرەکی ئەم رۆمانە ناکات.

**سەرچاوە:**

1-المتخيل السردي، مقاربات نقدية في التناص والرؤى والدلالة، عبدالله ابراهيم، المركز الثقافي العربي/بيروت

1-إشكالية الرؤية والمنهج. ل .15
2-وضيفة الرؤى في القصة. ل .77
3-استنطاق الخطاب وتعويم المرجع، ل .86
4-نظم صوغ المتن الروائى. ل .112
5-الوظائف البنائية للرؤى في الرواية. 115 + 116 +117.